





## پێداچوونەوەیەک بە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوڵلا حیاکی به وەرگێڕدراوی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان

## بەشی ١٨

مافناس – حەسەن ئەیوبزادە

**کورتەی باس**

**کارۆل پرۆن هوبێر نووسەر و رۆژنامە نووسێکی Venezuelaڤێنیزۆئێلاییە، لە ساڵی ٢٠٠٨کتێبێکی لەسەر ژیانی سیاسیی و تێرۆری د.قاسملوو بە زمانی سپانیۆلیی نووسیوە و لە کاراکاس چاپی کرد.**


*Printed in the United States of America*

*iUniverse rev. date: 12/30/09*

*Revision and expansion of a first edition published in Spanish by Alfa Editores, Caracas, Venezuela, 2008, under the title Pasión y Muerte de Rahmán el Kurdo: Soñando el Kurdistán*

**نووسەری ناوبراو خۆی ئەوکتێبەی کردووە بە ئینگلیزیی و لە ٣٠/١٢/ ٢٠٠٩ لە ولاتەیەکگرتووە کانی ئەمریکا چاپ کرا. ئەوکتێبە لە کوردستان لە لایەن مامۆستا فتاح کاویان ئەندامی بەرێ کومیتەی ناوندیی حدکا کراوە بە کوردیی و مەلا عەبدوللا حەیاکیی ناسراو بە حەسەنزادە، بێ ئەوە شارەزای ئەلف و بێیزمانێکی بیانیی بێ، خۆی کردووە بە ئێدیتۆری ئەو کتێبە. "ئێدیتۆر" لە پێداچوونەوەکەیدا بۆ مەبەستێکی سیاسیی (گۆرینی واقعییەتی روداوی تێرۆری د.قاسملووعەبدوللا قادریی ئازەر، پاکانەکردن بۆتێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی و هاودەستە کوردو عەرەبەکانی کۆماری ئیسلامیی و بۆ بەفریوبردنی بیرورای گشتیی، شاردنەوەی تاوانی جینایەت، خەیانەتی بنەبڕکردنی بزوتنەوەی کورد لەرۆژهەلاتی کوردستان لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، زانیاریی ینک و" وەزارت اطلاعات جمهوری اسلامی ایران" هاوکاریی کردووە و لەو هاوکارییەیدا ناوبراو بۆ ئەو مەبەستانەی کە ناوبردران، هەزاران تەزویری لەو پێداچوونەوەیەدا کردووە. با ئەوەش بگوترێ ئەو تەزویرانە خۆی تاوانێکی سەربەخۆیە و بە خەیانەت لە ئەمانەت دژ بە وەرگێڕی دەقە کوردییەکە پێناسە دەکرێ. تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا لە ناوی کتێبەکە، رێکەوتی چاپ،تێکەڵکردنی پێرست، سانسۆری وێنە، گۆڕینی بابەت ، مقەستبڕکردنی دەیان لاپەرەو ٣٣٢ تێبینیی و سەرچاوەی گرنگی کتێبەکە (لاپەرەکانی ٣١٥ تا ٣٤٩) وە دەستی پێکردووە. حەسەنزادە لەسەرانسەری ئەوکتێبەدا پسپۆریی و کارامەیی و ئەزموون و ئیرادەی ئازادی خۆی بۆ نیشان دانی هاودەستیی لەگەل تێرۆریستەکانی سەر بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، زانیاریی ینک وەزارەتی ئیتتیلاعاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئاشکرا نیشانداوە. ئەو تەزویرانەی مەلا عەبدوللا لە مێژووی کوردا بێوێنەن.**

**درێژەی بابەتە سانسۆرکراوەکان– لەلاپەرەی ٢٩١ هێلی دە، ئەو خەتە لە وەرگێرانەکەی دا قرتێندراوە:**

Ghassemlou begins a tour of Kurdistan announcing the political agenda of the KDP .

**گەرانی قاسملوو بەناو کوردستان‌دا بۆ راگەیاندنی بەرنامەی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دەستی پێکرد.**

**تەزویر لە لاپەرەی ٣١١ دەقی کوردیی هێلی ٢٣ بەرامبەر بە ٢٩٣ ساڵی ١٩٩٧ لەدوو وێنەی خوارەوەدا بخوێنەوە!**

Carol Prunhuber 293

1996
During the International Socialist Twentieth Congress, the KDPI is given the status of observer. In 2005 the status is elevated to advisor.

1997
A German court convicts four men, former members of Hezbollah, of the 1992 assassination of Sharafkandi and three other Kurds. The court also issues an international arrest warrant for Iranian intelligence minister Hoyatoleslam Ali Fallahian, accused of having ordered the assassination, and also implicates Supreme Leader Ali Khamenei and former president Hashemi Rafsanjani.

۱۹۹۷دادگایەکی ئەڵمان چوار کەسی بە تاوانی کوشتنی شەرەفکەندی و سێ کوردی دیکە مەحکووم کرد کە ئەندامی حیزبوڵلا بوون. دادگا هەروەهافەرمانێکی نێو نەتەوەیی بۆگرتنی حوججەتولئیسلام فەللاحیان کە وەزیری «اطلاعات»ی ئێران بوو دەرکرد. ناوبراو فەرمانی بەڕێوەبردنی جینایەتەکەی دابوو. پایەبەرزترین ڕێبەر عەلی خامنەیی و سەرکۆماری پێشوو هاشمیی ڕەفسەنجانییش فەرمانی گرتنیان درابوو.

لە لاپەرەی ٢٩٣ دەقی ئینگلیزیی کتێبەکە و ٣١١ی پێداچوونەوەکەی مەلاعەبدوللادا ئەو تەزویرە دەگمەنە کراوە:.

1997– وەرگێڕدراوی دەقەکە بە کوردیی: دادگەیەکی ئالمان چوار کەس کە [پێشتر ئەندامی حیزبوللا بوون ] بەتاوانی کوشتنی شەرەفکەندی وسێ کوردی دیکە لە ١٩٩٢مەحکوم کرد.

مەلا عەبدوللا وەرگێڕدراوی دەقە ئینگلیزییەکەی بە جۆرێک گۆڕیوە کە خوێنەری ناشارەزا وادەزانێ، د.شەرەفکەندی و سێ کوردە کەی دیکە ئەندامی حیزبوللای لوبنان بوون." بروانە دەقی ئینگلیزییەکە و وەرگێردراوەکەی لە ئیبتیکاری مەلا عەبدوللا لە وێنەی سەرەوەدا!

294 The Passion and Death of Rahman the Kurd

2009
The twentieth anniversary of Ghassemlou's assassination is honored in many cities around the world. In many areas of Iranian Kurdistan, despite warnings from the Iranian authorities, stores close, and at 10:00 PM Kurdish homes turn off their lights to honor their beloved leader.

ئەو رووداوەی ساڵی ٢٠٠٩ لاپەرەی ٢٩٤ دەقە ئینگلیزییەکە لە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللالە لاپەڕەی ٣١٢ ی دەقە کوردییەکەدا سانسۆر کراوە.

بە بۆنەی بیستەمین ساڵی تێرۆری دوکتور قاسملوو لە زۆر شاری سەرانسەری جیهان ڕێز لە یادو بیرەوەریی قاسملوو گیرا. لە زۆر شوێنی کوردستان سەرەرای هەرەشەی هێزی دەسەلاتدار، دوکان و بازارەکان داخران و لە کاتژمێر دەوە خەلک لە ماڵەکانی خۆیاندا بۆ ڕێزلێنان و دەربرینی یادو بیرەوەریی خۆیان لەگەل ڕێبەرە ۆشەویستەکەیان چرای ماڵەکانیان کوژاندەوە.

Sixteenth century
*Sharef Nameh*, epic history written in Farsi, describes the origin of the Kurds.

لە هاوپێچی ژمارە ٣ رووداوە مێژووییەکان، سەدەی شازدەهەم، لە لاپەرەی ٣١٤لە دەقە کوردییەکە دا سانسۆر کراوە. وەرگێڕاوەکەی بەم جۆرەیە: سەدەی شازدە:

شەرەفنامە،مێژووی حەماسیی کوردە و بەزمانی فارسیی نووسراوە. لەو کتێبەدا رەچەڵەکی کورد شرۆڤە و پێناسەکراوە. مەلا عەبدوللا ئەو دێرەی سانسۆر کردووە کە وێنەکەی لەسەرەوە نیشاندراوە.

2009
During the Iranian presidential election campaign, supporters of reformist candidate Mir Hossein Mousavi distribute pamphlets in several Kurdish cities accusing Ahmadinejad of allegedly having participated in the murder of Ghassemlou.

سەدەی شازدە. مەلا عەبدوللا ئەو بابە تەی لاپەرەی ٣٠١ دەقی ئینگلیزیی کتێبەکەی کارۆلی (روبەروو) لە لاپەرەی٣١٨ دەقەکوردییەکەدا سانسۆر کردووە. وەرەگێردراوی ئەو بەشە سانسۆرکراوە ئەوەیە: لە کاتی هەلبژاردنی سەرۆک کۆمارییدا، لە هێندێک لە شارەکانی کوردستان لەلایەن لایەنگرانی کاندیدای رێفۆرمیست، میرحسین موسوییەوە ئێعلامیە بڵاوکرابۆوە و تێیاندا ئیددیعاکرابووکە محمود احمدی نژاد لە کوشتنی قاسملوودا بەشدار بووە.

302 The Passion and Death of Rahman the Kurd

On June 16, Austrian parliamentarian Peter Pilz once again accuses Ahmadinejad of alleged participation in the assassination of Ghassemlou. He brings forth new evidence from a German weapons dealer serving a prison sentence in Trieste, who has confessed delivering half a dozen light weapons to the Iranian embassy in Vienna in July 1989, during a meeting where Ahmadinejad had been present.

Since Iran's presidential elections on June 12, Tehran and other cities have seen the largest street protests since the 1979 Iranian revolution. Opposition leaders claim that the election was rigged and demand a new election. Supreme Leader Ayatollah Khamenei declares Ahmadinejad the winner of the election, provoking further protests among the opposition and its supporters. Iranian police forces and the Basij, a paramilitary group, respond with force and arrests. There are many deaths during the protests and claims of torture, death, and rape in the prisons. Mass trials of opposition leaders, activists, journalists, and students are transmitted through state television. This election widens the fissure between conservatives and reformists within the Iranian regime, which faces a crisis of legitimacy, not only of the elections but of the Islamic system as a whole.

مـەلا عەبـدوللا ئەوبەشـەی روبـەروو لــە لاپـەرەی ٣٠٢ کتێبـی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد لە وەرگێڕدراوی دەقەکوردیی‌یەکە لە لاپەرەی ٣١٨ پاراگرفی هەشت ( هیلـی ٢٦ ) سانسـۆرکردووە. تەرجومەی ئەودەقە سانسۆرکراوە ئەویە:

"پیتـر پـیلچ، پارلـمـانتێری ئوتریشـیی لـە ١٦ ژوئـەن جـارێکی دیکەش احمدی نژاد(سەرۆک کۆماری ئێران)ی بە بەشداریی لـە تێـرۆری قاسـملوو تاوانبـار کـرد. پـیلچ بەڵگەیـەکی نـوێی لـە چەکفرۆشێکی ئالمانی کە لە"زیندانی تریستێ" دایـە و حـوکمی مەحکوم بوونی خۆی لەوزیندانەدا تێپەردەکا، خسـتە روو. ئـەو کابراچەکفرۆشە دانی پێداناوە کـە نیـو دوجـین (شـەش) چـەکی سووکی لـە مـانگی جـولای ١٩٨٩ بـە باڵوێزخانـەی ئێـران لـە ئوتریش، فرۆشتووە کە لەو چاوپێکەوتنەدا محمود احمدی نـژاد بەشدار بووە.

لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی دوازدەی ژوئەن‌دا لە تاران و بـاقی شـارەکانی ئێـران گـەورەترین خۆپیشـاندانەکانی دوای سـەردەمی شۆرشـی١٩٧٩ لــە ئێـران کـرا. لیـدێرە دژبـەرەکان ئیددیعایان کرد کە لە هەلبژاردنەکەدا فێڵ کـراوە و خوازیـاری هەڵبژاردنەوە بوون. " ئایەتوللا " خامنەیی سەرۆکی شۆرش، احمدی نژادی بە سەرکەوتووی هەڵبژاردنەکە ناودێر کرد. ئەوەش بوو بە هـۆی دنـەدانی زیـاتری رەخنەگرەکان و پشتیوانەکان. هێزەکانی پۆلیسی ئێران و بەسیج( شێوەنیزامیی, میلیشیا) بەتوندی و بە بەکارهێنانی هێـز کاردانـەوەیان نیشـان‌دا. لـەرەوتـی خۆپیشاندانەکاندا زۆرکەس مردن و ئیددیعا کـرا کـە گیراوەکـان ئەشکەنجە کراون، تـەجاوەزیان پێکـراوەو کـوژراون. دادگـایی کردنـی بـە کۆمـەلی سرکردەکانی خۆپیشـاندەران، تێکۆشـەران، رۆژنامەنووسـان و خوێنـدکاران لـە تەلـە ڤیزیـۆنی دەولـەتیی‌دا نیشـان‌دران. ئـەو هەڵبژاردنـە کەلەبـەری نێـوان کۆنسـێرواتیوو رێفۆرمخوازان (سوننەتیی و ئالوگۆڕخوازان)ی لە رژیمی ئێران‌دا هەراوتر کرد. رژیم ئیستا بە تەنیا لەگەل قەیرانی هەڵبژاردن رووبەروو نیـیە، بەلکو تەواوەتی سیستمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ قەیرانی مەشروعییەت بەرەو رووە. بۆدیتنی دەقی تەواوی ئەو دوو لاپەرە تەزویرکراوە کرتە بۆ ئێرە1 و ئێرە2 و ئێرە ٣بکە و Ctrl دابگرە!

مەلا عەبدوللا دەکرێ بلێ ئەوبابەتەی سەرەوەی کە لە فرۆشتنی چەک لە بالوێزخانەی ئێران بۆ تێرۆری د.قاسملوو بە بوونی محمود احمدی نژاد لە ڤییەن و لە باڵوێزخانەی ئێران دەدوێ بۆچی لە پێداچوونەوەکەی‌دا سانسۆر کردووە و تێیدا گوتراوە کە کە پاسدارەکان فێڵیان کردووە، کیژو کوڕی خـەلکیان کوشـتووە، تەجاوەزیان پێکردوون؟

لـە لاپـەرەی ٣٠٢ ی دەقـی ئینگلیزیـی کتێبەکـەی خولیـاو مـەرگی رەحمـانی کـورد ئـاخر پـاراگراف کـە پێـنج هێلـە و هـیچ پێوەندیی‌یـەکی بـە تێرۆریسـتەکان و دامودەزگاکانی رژیمەوە نەبووە سانسۆر نەکراوە.

## Appendix 4

## Dramatis Personae

ئەو سەردێرە هاوپێچی ٤ سەرناوەکەی :" شانۆگەرانی نومایشنامە"" بووە کە مەلا عەبدوللا سانسۆری کردووە . لەو بەشەدا :

١– زانیاریی راگەیەندراو لەسەر مامۆستا جەلیل گادانی ناراستە. نە ناوبراو و نە ئەندامانی حیزبەکەی کە لە ١٣٦٦ لە حدکا دابڕان و لە ١٣٦٧ "رێبەرایـەتیی شۆرشگێڕیان"پێک هێنا هیچ پێوەندیی‌یەکی سیاسیی و دۆستانە و نزیکیان بەوجۆرەی کە لە لاپەرەی ٣٠٣دا باس کراوە بە د.قاسملووەوە نەبووە.

٢– مەلا عەبدوللا ناوو بەسەرهاتی د.قاسملووی لێرەش‌دا سانسۆر کردووە کە لە دەقە ئینگلیزیی‌یەکەدا نووسراوە: "عەبـدوڕڕەحمان قاسـملوو، سـکرتێری گشـتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، تێرۆرکراو لە ڤییەن لە ١٣/٧/ ١٩٨٩ بەدەستی مەئمورەکانی دەوڵەتی ئێران . " بە کاک دوکتور " بانگ دەکرا.

٣–مەلا عەبدوللا ناوی محمد حەسەن پوری لە لیستی نزیکانی د.قاسملوو دەرهاویشتووە ( لە لاپەرەی ٣٢٠ بەرامبەر بە ٣٠٣ دەقی ئینگلیزیی‌یەکە).

**تەزویرەکانی مەلا عەبدوڵلا لەوبەشەدا**

**١- بۆ مەلا عەبدوڵلا حەسەنزادە لە دەقەئینگلیزییەکەدا نووسراوە:**

**Hassan Zadeh, Abdullah.** Member of the KDPI political bureau; Ghassemlou's friend and close collaborator; became secretary general after Sharafkandi was murdered.

**وەرگێردراوەکەی بەکوردیی :عەبدوڵلا حەسەنزادە ئەندامی دەفتەری سیاسیی حدکا. دۆستی نزیک و هاوکاری نزیکی قاسملوو و دوای کوژرانی شەرەفکەندیی بووە بە سکرتێری حیزب.**

**١-ئەوەی مەلا عەبدوڵلا بۆ کارۆلی باس کردووە و ئەویش لە کتێبەکەی‌دا نووسیویە لە واقعییەت بەدووربووە و ناراستە. سەرنج بدە!یەکەم، هەزاران تەزویری مەلا عەبدوڵلا بۆ پاکانەکردنی بۆ تێرۆریستەکانی بکوژی د.قاسملوو، فرۆشتنی حیزبەکەی ودەستبەسەرداگرتنی سامانی و تێکەلاوییەکەی لەگەل فلاحیان بۆکوشتاری ئەندامانی‌حدکا، هاوکاریی خۆی لەگەل زانیاریی ینک و ئیتیلاعاتی سپاو...**

**٢- مەلا عەبدوڵلا دوژمنی د.قاسملوو بووە نەدۆستی. بروانە گوتوبێژی تەلەڤیزیۆنیی فلاحیان لە ریزی سەرەوەی حدکادا. ' لە تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتیی ئێرانلە ٣٠ ئاگوست ١٩٩٢ واتە ١٧ رۆژ بەرلە تێرۆری د.شەرەفکەندیی لە بێرلین کە تەرجەمەکەی لە ئالمانییەوە بۆ کوردیی بە راگواستن لە ئاخر دیفاعی هانس یواخیم اریک پارێزەری یەکێ لە بنەمالەی تێرۆرکراوەکان بەم جۆرەیە: لە ٣٠ ئاگوستی ١٩٩٢ بەر لە تێرۆرەکە، واقعییەتێک لەو قسانەدا هەیە کە فلاحیان لە تەلەڤیزیۆندا رایگەیاند: حدکای وەکو بەرێ ئامانجی تێرۆربۆ وەزارەتی ئیتتیلاعاتی ئێران ناوبرد فلاحیان رون و ئاشکرا لە تێسرەواندنی گورزێک کە لە حدکای دەدا خەبەری‌دا و رایگەیاند کە لە رابردوو دا تێیسرەواندووە ( کوشتنی د.قاسملوو وعەبدوڵلا قادریی ) و لە دادێشدا لە دەرەوەی [ ئێران] تێ‌دەسرەوێنێ و گوتیشی کە " تاروبەری سەرەوەی ئەو حیزبە نفوذی کردووە و تارادەیەک لە ژێر چنگی دایە.**

**دادستانی میکونوسیش تەئییدی کرد کە لانی‌کەم یەکێ لەتێرۆرکراوەکان لە تێرۆری برلین‌دا لەگەل وەزارەتی ئیتتیلاعات لە پێوەندیی‌دا بووە.**

**پێشتریش مەلا عەبدوڵلا حاشای لەو هاوکارەی خۆی لەگەل فلاحیان کردبوو ، ئێستا خۆی و هاوکارەکانی دەتوانن ئەو ناوە لە سێ شوێن‌دا بخوێننەوە: لێکۆلینەوی دادستان و حوکمی دادگەی میکونوس، ٢- کتێبی Schatten Armeen نوو سیینی ویلهلم دیتل و کتێبی تێرۆر بە نام خدا نووسینی مهندس دستماڵچی.**

**٣- درۆیەکی ئاشکرا.**

**Hassan Zadeh, Abdullah.** Member of the KDPI political bureau; Ghassemlou's friend and close collaborator; became secretary general after Sharafkandi was murdered.

**مەلا حەبدوڵلا لە لای کارۆل پرۆن هوبێر وەکو لەسەرەوەدادەبیندرێ ئیددیعای کردووە کە دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی بووە بە سکرتێری حدکا، ئەوەش درۆیەکی ئاشکرابووە.**

**مەلا عەبدوڵلا بەپێچەوانەی وتەکەی خۆی دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی نە بووە بە سکرتری حدکا. بۆ سەلماندنی ئەو تەزویرە بڕوانە ئەو بەڵگەنامەیەی کوردستان ژمارە ١٩١ لە خوارەوە!**

**مەلا عەبدوڵلا ئەو خەبەرە درۆیەی لە سێ جێدا بە کارۆل راگەیاندووە.**

**لە کاتی د.شەرەفکەندیی‌دا مەلا عەبدوڵلا ئەندامی دەفتەری سیاسییش نەبووە.**

**دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی مەلا عەبدوڵلا سکرتێری حدکا نەبووە و مصطفی هجری کردوویە بە ئەندامی دەفتەری سیاسیی ( ١٣٩٢ ) و لە ٢٠١٥ کراوە بە سکرتێری حدکا. ئەوەش بە نەخشەی تالەبانیی بووە بۆ ئەوە مەلا عەبدوڵلا بتوانێ حدکا بۆ ژێردەسەلاتی ینک و سپای پاسداران رادا.**

**وەکو لەسەرەوە لە دەقە ئینگلیزییەکەی کتێبی خولیاو مەرگی ڕەحمانی کوردا نیشاندرا مەلا عەبدوللا لەسێ جێدا ئەو تەزویرەی بۆ خۆی کردووە و نووسیویە : عەبدوللا حەسەنزادە دوای کوژرانی د.شەرەفکەندیی بووە بە سکرتێری حدکا. درۆبوونی ئەو خەبەرەش لەو بەڵگەنامەیەی کوردستاندا لە وێنەکەی ژێرەوەی دا لەبەرچاوە.**



دێموکراسی بۆ ئێران

کوردستان

خودموختاری بۆ کوردستان

خەزەڵوەری ١٣٧١
نوامبری ١٩٩٢

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ١٩١
٥ تمەن

## ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسی

هاو وڵاتیيانی خوشەویست !
خەلکی بەشەرەفی کوردستان !
کادر و پیشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران !

کوبوونەوەی سیهەمی کومیتەی ناوەندیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران سەعات ٩ی بەیانیی ڕوژی چوارشەممە ریکەوتی ٢٠ی خەزەلوەری ١٣٧١ بەرامبەر بە ١١ی نوامبری ١٩٩٢ی زایینی بە دەقیقەیەک بیدەنگی بە یادی شەهیدانی هەمیشە زیندوو کاک دوکتور "صادق شرفکندی" سکرتیری حیزب ، کاک "فتاح عبدلی" ئەندامی کومیتەی ناوەندیونوینەری حیزب لە ئورووپا ، کاک "همایون اردلان" نوینەری حیزب لە ئەلمان و هەموو شەهیدانی ریگای رزگاریی گەلەکەمان دەستی پی کرد.

لەو کوبوونەوە دا دوو ئەندامی جیگری کومیتەی ناوەندی وەک ئەندامی ئەسلیی کومیتەی ناوەندی ، ئەندامیکی کومیتەی ناوەندی بە ئەندامی دەفتەری سیاسی هەلبژیردران و هاوری تیکوشەر کاک "مصطفی هجری" جیگری سکرتیری حیزب بە زوربەی دەنگ وەک سکرتیری گشتیی حیزب دیاری کرا.

کوبوونەوەکە سەعات ٥ی دوانیوەروی ئەوروژەبە سەرکەوتنەوە کوتایی بە کارەکانی خوی هینا.

دەفتەری سیاسیی
حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران
١٣٧١/٨/٢١

## نۆزدەهەمین کۆنگرەی ئەنترناسیۆنالی سوسیالیست و مەسەلەی کورد

ئەنتر ناسیونالی سوسیالیست گەورەترین ڕێکخراوی حیزبە سیاسییەکانی ئەمرۆی جیهانە. زیاتر لە ٥٠ حیزبی سوسیالیست و سوسیال دێموکراتی جیهان ئەندامی ئەم ڕێکخراوەن ، نزیکەی بیست حیزبی دنیا ئەندامیڕاویژکاری ئەنترناسیونالی سوسیالیستن و دەیان حیزبی دیکەش لە کونگرەکانی ئەنترناسیونالی سوسیالیست داوەک "ناظر" ( چاوەدیر ) بەشداردەبن . ژمارەیەک لە حیزبەکانی ئەندامی ئەم ڕێکخراوە لە وڵاتی خۆیان دا دەسەلاتیسیاسییان بەدەستەوەیە یان لە دەسەلات دا شەریکن. لەپیش دا ئەنترناسیونالی سوسیالیست زورتر لەحیزبەسوسیالیست و سوسیال دیموکراتەکانی ئورووپا پیک هاتبوو، بەلام ئەو ڕێکخراوەیە تا هاتوە بەرینتر بۆتەوە، لە چوارچێوەی
٢

وتوویژی "کوردستان" لەگەڵ هاوڕێی تێکۆشەر "عبدالله حسن زاده" ئەندامی دەفتەری سیاسی
٧

## ڕووداوەکانی ئەم دوایییەی کوردستانی عێراق

لە سەرەتای مانگی ڕەزبەری ڕابردووەوە ناکوکی لەنیوان کاربەدەستانی حکوومەتی ناوچەیی کوردستانی عیراق وپارتی کریکارانی کوردستانی تورکیە [ P.K.K ] دا پێینایە قۆناخێکی تازەوە. [ P.K.K ] ژمارەیەکی زور بنکە وپیگەیلە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی عیراق دادامەزراندبوو ، و لەو بنکانەوە هێندێ جار هیرشی چەکدارانەی دەکردەسەرهیزە
٣

سەبارەت بە
## کۆبوونەوەی ئانکارا

روژی شەممۆ ٢٣ی خەزەلوەری ١٣٧١ی هەتاوی ، ریکەوتی ١٤ی نوامبری ١٩٩٢ی زایینی وەزیرانی دەرەوەی سێ وڵاتی، ئیران،تورکیە و سووریە لە ئانکارا کۆبوونەوە تا ... ل ومەرجی ئیستای عیراق بخەنە ... باس و لێکۆڵینەوە.
٥

## فشاربۆ سەر پەنابەران لە ئورووپا دا

لەومانگانەی دواییدادژایەتی لەگەل پەنابەران لەولاتانی ئورووپا دا بەشێوەیەکی کەموێنە پەرەی ئەستاندوە.هەرروژەی هەوالی هیرش و توندوتیژییەکی تازە لەدژی پەنابەران لەیەکێک لەو ولاتانەدا ، بلاو
٦

لەم ژمارەیەدا

- دی و ڕەسمەکانی چلەی شەهیدانی بیرلین ١٠
- هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری ئەمریکا ١٢
- کوچی دوایی ویلی برانت ١٣
- حەفتا ساڵەی دامەزرانی حکوومەتی شیخ محمود ١٨

بۆپێشەوە بەرەو پێکهێنانی بەرەیەکی دێموکراتیی پێشکەوتنخواز

دوای تێرۆری د.شەرەفکەندی مصطفی هجری کراوە بە سکرتێر.

مصطفی هجری مەلا عەبدوللای کردووە بە ئەندامی فەفتەری سیاسیی. بڕوانە دەقی ڕۆژنامەکە.

مصطفی هجری لە چوونیدا بۆ دەرەوی ولات مەلا عەبدوللای کردووە بە جێگر. بەلام مەلا عەبدوللا بەوە رازیی نەبووە کە جێگری مصطفی هجری بێ.لەبەرئەوە پیلانەکەی خۆی بە یارمەتی تالەبانیی بۆ رادانی حدکا بۆژێر دەسەلاتی ینک و سپای پاسداران بەریوەبردووە دوای رادانی حدکا بۆ کۆیە و بوونی بە هاوکاری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و زانیاریی ینک پەسنەکان و پێداهەلگوتنەکانی بۆ د.قاسملووش لە نووسینەکانیدا سانسۆر کردووە. لەوە بەدوا شانازیی ئەوە بووە بە تالەبانیی دا هەڵبێ.

**بە گوێرەی ڕۆژنامەی کوردستان ژمارە ١٩١ خەزەڵوەری ١٣٧١ ( ٢١ نوامبری سالی ١٩٩٢ ) دوای تێرۆری د.شەرەفکەندی لە ١٧ سێپتامبری١٩٩٢ مصطفی هجری کراوە بە سکرتێری حدکا.**

**هەر لەو رێکەوتەدا بە گوێرەی هەمان رۆژنامە مەلا عەبدوللا کراوە بە ئەندامی دەفتەری سیاسیی.**

**ماوەیەک دواتر مصطفی هجری، مەلا عەبدوللای کردووە بە جێگری خۆی، بەلام مەلا عەبدوللا لە پێداچوونەوەکەیدا بە کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد تەزویرە حەیاتەکەی کردووە و خۆی بە سکرتێری حدکا ناو بردووە. ئەگەر مەلا عەبدوللا دوای تێرۆری دشەرەفکەندیی سکرتێر بووبێ، مصطفی هجری لە دوای تێرۆری د.شەرەفکەندی تا تا ١٢- ئاوریل ١٩٩٥ لە ناو حدکادا چکارەبووە؟**

**تا ئەو کاتەش لەو ناحدکادا وەکو پەژاک هاوسەرۆکیی و کۆداریی وجودی نەبووە تا بگوترێ مەلا عەدوللا و مصطفی هجری هاوکات هاوسەرۆک بوون. فەرموون لە تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا بڕوانن!**

**Hassan Zadeh, Abdullah.** Member of the KDPI political bureau; Ghassemlou's friend and close collaborator; became secretary general after Sharafkandi was murdered.
**Krülich, Hélène**. Ghassemlou's widow. After his death, she began a determined campaign to resolve the murder.
**Nezan, Kendal**. President of the Kurdish Institute of Paris since 1983.
**Rasul, Izzadin Mustafa**. Iraqi Kurdish intellectual and professor; Fadil Rasul's uncle, and longtime friend of Ghassemlou.

**له دەقەئینگلیزییەکەدا تەزویرەکەی مەلا عەبدوللا گورج و گۆڵترە و نووسیویە: عەبدوللا حەسەنزادە دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی بووە بە سکرتێر . ئەو تەزویرەی مەلا عەبدوللا لە لاپەرەی ٤١٧ دەقەئینگلیزییەکەش دا دووپاتەکراوەتەوە.**

*Carol Prunhuber* 317

[11] Abdullah Hassan Zadeh, interview with the author. Koya, Iraqi Kurdistan, July 2009. Hassan Zadeh became secretary general of the KDPI in 1992, after Ghassemlou's successor Sadegh Sharafkandi was murdered in Berlin with three other Kurdish collaborators.

**تەزویرەکەی مەلا عەبدوللا لە ئینگلیزییەکەدا کراوە بە دوای تێرۆری شەرەفکەندی لە ١٩٩٢ گوایە مەلا عەبدوللا کراوە بە سکرتێری حدکا**

**لەگەل ئەو تەزویرەش مەلا عەبدوللا لە دقەکوردییەکەدا ناوی عزالدین مصطفی لە نزیکانی د.قاسملووی سانسۆر کردووە . چونکە لەوتوویژێکدا دژی کۆماری ئیسلامیی بە بۆنەی تێرۆری دقاسملووەوە هەڵوێستێکی دروست وکوردانەی گرتبوو لەبەر ئەوە مەلا عەبدوللا لە کوردییەکەدا ناوەکەی قرتاندوە.**

**Rasul, Fadil**. Iraqi Kurd intellectual. Murdered with Ghassemlou in Vienna on July 13, 1989, by emissaries of the Iranian government.
**Rockenschaub-Rasul, Susanne**. Austrian physician; Fadil Rasul's

**فازل کوردێکی روناکبیری عێراقیی لەگەل قاسملوو لە ١٣ جولای ١٩٨٩ لەلایەن مەئمورەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە تێرۆر کران**

**مەلا عەبدوللا نەیویستووە باسی مەئمورەکانی ئێران بکرێ و لەبەر ئەوە ئەو بەشەی مەئمورەکانی ئێرانی سانسۆر کردووە.**

فازیل رەسووڵ، کوردیکی رووناکبیری عێراقی، لە ١٣ی ژووئیەی ١٩٨٩دا دەگەڵ قاسملووی لە ڤییەن کوژرا.

**Sahrarudi, Mohamed Jafari,** alias **Rahimi**. Diplomatic envoy for the Islamic Republic to negotiate with Ghassemlou in Vienna in 1989. Agent for Iranian intelligence and commander of the Ramazan garrison in Iranian Kurdistan. Intermediary in the buying of arms for Iran. Wounded during the crime. Promoted to head of the Quds Forces Intelligence Directory after the assassination.

**مەلا عەبدوللا ئەو تەزویرەشی بۆ صحرارودی کردووە لە کوردییەکەدا نیشان دەدرێ**

**لە دەقە ئینگلیزییەکەدا نووسراوە محمد جعفری صحرارودی الیاس رحیمی دیپلۆماتی کۆماری ئیسلامیی ناردراو بۆ وتوێژ لەگەل قاسملوو لە ڤییەن لە ١٩٨٩ . مەئموری جاسوسیی ئیتتیلاعات و فەرماندەری قەرارگای رەمەزان لە" کوردستانی ئێران" دەڵالی کرینی چەک بۆ ئێران لە جینایەتەکەدا بریندار بوو، دوای تێرۆرەکە کرابە سەرۆکی ئیتتیلاعاتی هێزەکانی قودس . مەلا عەبدوللا ئەوبەشەزەردکراوەی بۆ ئەوتێرۆریستە سانسۆر کردووە. بروانە سەرەوە،**

٣٢٣ پێرستی نەکتەران

**محەممەد جەعفەری سەحراروودی، ناسراو بە رەحیمی**
نوێنەری سیاسیی کۆماری ئیسلامی بۆ وتوویژ دەگەڵ قاسملوو لە ساڵی ١٩٨٩دا لە شاری ڤییەن. بەڕێوەبەری دایرەی جاسووسیی ئێران‌و فەرماندەی قەرارگای رەمەزان لە کوردستانی ئێران. بۆ کڕینی چەکوچۆڵ بۆ ئێران نێوبژیوانیی کردوەو لە جینایەتەکەدا بریندار بوو.

the clerics and renounced his post after realizing that he could not carry out the democratic changes he had envisioned.

**Beheshti, Mohammed**. Important political and religious leader (ayatollah) in revolutionary Iran. President of the Islamic Republic Party and supreme-court chief justice. He died in a terrorist attack in June 1981 with more than seventy members of the party, when a bomb was allegedly planted by the Mujahedin during a party conference.

**Fallahian, Ali**. As head of Iran's Ministry of Intelligence under Hashemi Rafsanjani, pursued policy of assassination of members of opposition groups. Serves on the Council of Experts; influential figure in Iranian politics as a security advisor to Khamenei, Khomeini's successor as Supreme Leader. Currently the subject of no less than three international arrest warrants.

**Foruhar, Dariush**. Minister of the Islamic government sent to negotiate with the Kurds in 1979. His attempts to reach a peaceful settlement with the Kurds earned him the Kurds' respect. He and his wife, aged seventy and fifty-four, were brutally murdered in their home in 1998. The murder, which was believed to be politically motivated since both were outspoken critics of the regime, was never resolved. It is believed that the Iranian Ministry of Intelligence ordered the assassination.

**Hashemi, Mehdi**. President of the World Islamic Movement, he was charged with counterrevolutionary activities and executed in September 1987. He and his supporters learned of the visit of former national security advisor Robert McFarlane to Iran and allegedly tried to sabotage the negotiations of the arms-for-hostages deal known as Irangate.

**Khalkhali, Sadegh**. Head of the revolutionary tribunals from 1979 to 1989, he was known as "the anger of God." Dismissed from his post after Khomeini's death.

**Khamenei, Seyyid Ali.** Iranian president from 1981 to 1989. Chosen as Khomeini's spiritual successor in 1989; has been Supreme Leader of Iran since then.

**Khomeini, Ruhollah Musavi.** Iranian Shiite religious leader who led the opposition to the Shah. Presided over the Islamic Republic, founded in 1979, as Supreme Leader. Died in June of 1989.

**Mohtashami, Ali Akbar**. Served as Iran's ambassador to Syria in the mid-1980s. He allegedly played an important role in the creation of the Lebanese radical Shi'a organization Hezbollah. He later became minister of the interior.



**محەممەد جەعفەری سەحراروودی، ناسراو بە ڕەحیمی**

نوێنەری سیاسیی کۆماری ئیسلامی بۆ وتوویژ دەگەڵ قاسملوو لە ساڵی ١٩٨٩دا لە شاری ڤییەن. بەڕێوەبەری دایرەی جاسووسیی ئێران‌و فەرماندەی قەرارگای ڕەمەزان لە کوردستانی ئێران. بۆ کڕینی چەکوچۆڵ بۆ ئێران نێوبژیوانیی کردوەو لە جینایەتەکەدا بریندار بوو.

**ئێرانییەکانی کۆماری ئیسلامی**

**بەنی سەدر ئەبولحەسەن.** لە ساڵی ١٩٨٠دا سەرۆک کۆماری ئێران بوو. ساڵی ١٩٨١ بەهۆی موخالیف بوونی لەگەڵ ئیعدامی ئێرانییە نارازییەکان‌و دیکتاتۆریی خومەینی لەسەر کار وەلا برا، هەڵاتە فەرانسەو لەو کاتەوە هەتا ئێستا لەوێ دەژی.

**مەهدی بازرگان.** دوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن خومەینییەوە کرابە سەرۆک وەزیری دەوڵەت. دژی دەسەڵاتی ئاخوندەکان بووو کاتێک بۆی دەرکەوت ناتوانێ ئەو ئاڵوگۆڕە دیموکراتییانە جێبەجێ بکا کە لەمێژ بوو ئارەزووی بوون، وازی لەکار هێناو کشایەوە.

**محەممەد بەهیشتی،** ڕێبەرێکی گرنگی سیاسی‌و ئایینی (ئایەتوڵڵا) لە شۆڕشی ئێراندا بوو.سەرۆکی حیزبی کۆماری ئیسلامی‌و سەرۆکی دادگای عالی بوو. لە ژوئەنی ١٩٨١دا، لە هێرشێکی تیرۆریستیدا دەگەڵ زیاتر لە حەفتا ئەندامی حیزبەکەی کوژرا. ئەو ڕووداوە بەهۆی تەقینەوەی بۆمبێک بوو کە لەکاتی کۆنفرانسێکدا تەقیەوەو دەیانگوت موجاهیدەکان دایان ناوەتەوە.

**داریووش فرووهەر.** وەزیرێکی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی بوو، ساڵی ١٩٧٩ ناردیان دەگەڵ کوردەکان وتوویژ بکا. هەوڵدانەکەی بۆ گەیشتن بە ڕێگەچارەیەکی ئاشتیخوازانە دەگەڵ کوردەکان بوو بە هۆی ئەوە کوردەکان بەتەواوی ڕێزی لێ بگرن. بۆخۆی‌و ژنەکەی لە تەمەنی حەفتا ساڵی‌و پەنجاوچوار ساڵیدا، ساڵی ١٩٩٨ بەشێوەیەکی تەواو دڕندانە کوژران. هەموو کەس پێی وابوو ئەو جینایەتە بۆ ئەوە ڕووی داوە کە هەردووکیان بەتوندی ڕەخنەیان لە ڕێژیم دەگرت بەڵام هەرگیز حوکمی لەسەر نەدرا. خەڵک لەسەر ئەو بڕوایەن کە وەزارەتی جاسووسیی ئێران دەستووری ئەو جینایەتەی داوە.

**مەهدی هاشمی،** سەرۆکی بزووتنەوەی جیهانی ئیسلام بە تێکۆشانی دژی شۆڕش تاوانبار کراو لە سپتامبری ١٩٨٧دا ئیعدام کرا. ئەوو پشتیوانەکانی لەبارەی هاتنی ڕاوێژکاری پێشووی دایرەی جاسووسیی [ئەمریکا]، ڕابێرت مەک

**تەزویری مەلا عەبدوللا بۆ بۆ فلاحیان وەزیری ئیتتلاعاتی ئێران**

**مەلا عەبدوللا لەگەل فلاحیان هاوکاربووە. ناوبراو بۆ ئەوە نیشان بدا کە دۆستو هاوکاری فلاحیانە و لە جینایەتی کوشتاری کورددا و بە تایبەتیی لە تێرۆری د.قاسملوو د.شەرەفکەندیی و ... دا دەستی نەبووە ناوەکەی کە لە دەقەکوردیی‌یەکەدا کە دەبوو لەدوای محمد بهشتی بنووسرێ تەزویرێکی پچووکی بۆ کردووە و لە کۆلکەی سڕیوەتەوە. بروانە دەقەکەی سەرەوە لەلای چەپی لاپەرەکە کە بەرەنگی فیروزەیی دیاری کراوە.**

**درێژەی دەبێ ٢٩ فوریە ٢٠١٦**